# دەنگی رەسەن دەڵێت :

## خۆتان بکوژن، بەڵام کوردستان مەدۆڕێنن

حەمە رەشید هەرەس ـ کەنەدا

لەم کاتە و لەم بارودۆخەی، کەشتی چارەنووسی کورد لە دەریای شەپۆلاوی بە لرفەلرفدا، هیوا و ئامانج تێیدا وندا، شوێن و هەتەری نییە. بۆ دەنگێکی رەسەن، دەگەڕێم بەناو سایتە کوردییەکاندا، تا بمباتەوە بۆ سەردەمەکانی شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی نەمر، بارزانی نەتەوەپارێز. بەڵام مەخابن زۆرکەمن ئەوانەی هەڵوێست وەردەگرن، زۆر کەمن ئەوانەی ئامانج دەپێکن. زۆرینە گومڕابوون و زار هەراشی ناو کلۆرە.

لەم رۆژانەدا دەرگایەک [ خۆتان بکوژن، بەڵام کوردستان مەدۆڕێنن ـ بەیاننامەی پارتی سۆسیالیستی کورد ـ پاسۆک لەمەڕ بارودۆخی ئەم دواییەی کوردستانەوە ] خۆی نیشان دام. چوومە ژوورەوە ... گوێم بۆ شل کرد ... وردە وردە دوای ووشە و رستە و دەستەواژەکانی کەوتم. مێشکە جەنجاڵەکەمی ئەرەواندەوە. هەستم کرد ئەمە هەر نووسینێکی سەرپێی نییە، هەر بۆ نووسین هاتبێتە نووساندن. ئەمە ئەو کاژێکنامەیەیەی وە بیر هێنامەوە کە تا ئێستاش لە هەژاندنمایە. ئەو نووسینە لە دڵێکی رەسەنەوە سەرچاوەی بەستووە، بۆیە لە پێش هەر پێنج هەستەکەمدا، دڵم شرۆڤەی ئەکرد. دەتووت خۆم نووسیومە. ئای لەو نووسینانەی وام لێدەکات، وابزانم لەگەڵ ( فەرەیدون عەلی ئەمین، عەبدوڵڵا جەوهەر، ئازاد مستەفا، سەعەی گەوهەر، سەعید یەزدان پەناو و ئیحسان نووری پاشا ) دا دانیشتووم و دەمدوێنن.

ئەمڕۆ سەرکردەکانمان گێژوو وێژی کورسییە شکاوەکانیان بوون. وەک نەدیوبدی باوەڕناکەن سبەینێ لەسەری دانیشن. بە هەر چواردەورا پەلە قاژەیانە و هەر رۆژەی بە جۆرێک دەیبزرکێنن. دەمێک دەبنەوە سوارەی حەمیدییەی ئەتاتورک و دەمێک بە بەسیجی خومەینی و پاشکۆی سیاسەتی محمد تەڵەب هیلال ـ ئەندازیاری پشتێنەی عەرەبی رژێمی سوریا.

- ئەوەی ئیمڕۆ لە کوردستاندا پشی پشی بۆ تۆرانییەکان دەکات، بیەوێت و نەیەوێت خوێنی هەرچی شەهیدانی دەرسیم، ئاگری داخ، بەدرخانییەکان و شۆڕشی شێخ سەعید و کزۆڵەیی و لارەملی زیاتر لە بیست ملیون کوردی باکووری لە ئەستۆدایە. پاچێکە بە دەست تووڵە مارەکانی ئەتاتوورکەوە بۆ روخاندنی حەسەنکێف و ئاسەوارەکانی مێژووی وڵاتی کورد لە باکووردا. بیەوێت و نەیەوێت جەندرمەیەکی کوتەک ئاسای، ئامێری کوشت و بڕی، هێرشکەرە سەر روومەت و ئابڕوومەندی خوشک و کچ و دایکە کوردەکەی باکوورییەتی.

- برای کوردم ئەو تورکزمانەی بەسەربەستی لە کوردستاندا دەسووڕێتەوە و لەسەرخوانی زۆڵە کورد مڵوموش دەکات و بێ پەروا و بێ سڵ کردنەوە خۆی بە خاوەنی وڵاتی کورد دەزانێت و باکی بەسەرکردە بەکرێگیراوەکان نییە، ئەوانە لە زێرابەکەی ئەتاتورکەوە سەرچاوەیان گرتووە بۆ کرینەوەی سەروەری ملیونەها شەهیدی ئەو کوردە خێر نەدیوە، لە هەر دەرفەتێکدا وەک جرج بیانفلیقێنێتەوە. ئۆباڵی ئەو میقرۆبانە هەمووی بە ئەستۆی من.

- داخی ئەوە دەمکوژێت هەندێک دەم لە فەلسەفە دەکوتن و خۆیان بە رۆشنبیر و زانا دەزانن. بە بۆنە و بێ بۆنەوە هەر ئەوەندەت زانی دەفەلسەفێنن. گەلۆ : چەقۆی چواردەور ئەمڕۆ بۆ ملی کورد لە هەسان دراوە. هەزارەها کوڕ و کۆبوونەوە و چرپەچرپ ناکاتە هێرشێکی مناڵە وورتکە بۆ سەر بارەگای میت و ئیترعات و مخابەراتی ناو شارەکانی وڵاتی کورد. دە وازیان لێبێنن بزانن چۆن بۆیان دەسەلمێنن وڵاتی کورد جێی میقرۆبی تێدا نابێتەوە.

- لەم بەینەدا لە بڵاوکراوەیەکی کوردییەوە نووسینی دوو کاراکتەری زۆر نەتەوەییم خوێندەوە ( کە هەردووکیان هەر یەکێکیان نووسیویەتی) . هەردووکیان بۆ ئەوە دەگریان لە عەرەبیش پاراونەتەوە، بەڵام کورد نەیهێشتووە لە کۆنگرەی لەندەن بەشداری بکەن و لەسەریان نەکردوون. دوو نەتەوەیی دەگرین بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی ( عێراقی) دا. سەیرە ئەوە چی گێژی کردوون !!!.

-    کاکی سەرکردە گوێم لێ بگرە : وا تەمەنت خۆی لە حەفتا تووند کردووە. ئەگەر تێیشی نەپەڕاندبێ. دە تو سەری خۆت تا بە لادا نەهاتوویت هەر بۆ رووسوری ئەو دنیات یەکێ دانە هەر یەکێ دانە هەڵوێستی خۆ کرینەوە بنوێنە. با نەبیتە خەوش و پەڵە بە ناوچەوانی وەچەکانیشتەوە.

-    ئێستاش وا ملی کورد لە ژێر بەزەیی چەکی کیمیاوی و بایەلۆژی و ئەتۆم دایە. ئەوەش جاڵی سەرکردەکانی وڵاتی کوردە. > گەڕێنەوە بۆ خۆتان بکوژن، بەڵام کوردستان مەدۆڕێنن ـ www.pasok.org >.

بە ئەفغانییەکانیان ووت هێرش نەکەنە ناو کابوولەوە. بەڵام کاتێکیان زانی کۆمەڵی ئەحمەد شا مەسعود کابولیان گرت و ئەمەریکاییەکان دەستێکیان کەوتە ئەملا و دەستێکیان کەوتە ئەولا و ناچار ملیان بۆ ئەو هەڵوێستە > لەو کاتە ناسکەدا > شۆڕکرد. ئەی چی دەبێت واز لە گەلی کورد بهێنن پێش سوپای ئەمەریکی بچنە ناو کەرکوکی دڵەوە و سوپای رزگاری کورد بەرزاییەکانی حەمرین بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. موسڵیش کە لە سلێمانی کوردستان ترە، بخرێتەوە سەر وڵاتی کورد. ئەی ئەگەر وا نەکەین شۆڕشی چیمان کرد و چیمان هێنایە گۆڕاندن !! ئەگەر بزانم وا دەکەن لە سبەینێ زووتر نییە دێمەوە وڵاتەکەم و بەشداری دەکەم لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانمدا. ئەوەی دەمناسێ دەزانێ لە دەستم دێ.

E-Mail hharas@gosympatico.ca

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣